


# بەرەو (٢٩) سالەی تەمەنی ڕامان

(گەورەتریـن دوژمنـی مەعریفـە، نەزانیـن نییە، بەڵکوو واهیمەکانی مەعریفەیـە).

ئازاد عەبدولواحید

* دوای چەند ڕۆژێکی دی، وردتر بیڵێم، لە ٢٠٢٥/٦/١١دا، گۆڤاری ڕامان پێ دەنێتە (٢٩) ساڵەی تەمەنییەوە، ئێستاش کە ئێستایە، بە هەمان گوڕوتینەکەی جاران کارەکانمان ڕایی دەکەین. لەو ساتەدا کە خۆمان بۆ دەرچوواندنی ژمارەیەکی نوێ ئامادە دەکەین، وا دەزانم یەکەم ژمارەی گۆڤارەکە دەردەکەین و سەرەتای دەرچوونیەتی، چونکە بە هەمان گەرموگوڕیی سەرەتاکان و بە نەفەسێکی نوێوە، خۆمان بۆ ئەو ژمارە نوێیە گورج دەکەینەوە.

* ئێمە هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی پڕۆژەکەمان تا ئەمڕۆکە، هەرگیز خۆمان بە مونافیسی کەس نەزانیوە و نازانین، دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان) بەرهەمی خولیا و پەرۆشی و خەمخۆرییە بۆ ئەدەبیات و زمانی کوردی، بەرهەمی کاردانەوە نییە، بۆیە بەپێی میتۆد و بەرنامە و ڕەوت و ڕێبازێکی تایبەت بە خۆمان کارمان کردووە و کار دەکەین، کە سەرمان بەسەر پڕۆژەکەماندا خوار کردووەتەوە، ویستوومانە لەسەر ئاگرێکی هێمن بەرهەمەکەمان پێ بگەیەنین، لەو بیرکردنەوەیەماندا بڕوامان وابووە تەنیا (مێژوو) و (ئایندە) دەتوانن بڕیاری دادوەرانە لەسەر کارەکان بدەن، ئەوان دەری دەخەن کێ باشتر خزمەتی کردووە و کاریگەری هەبووە، یان کێ خەریکی لاساییکردنەوە و قۆپیەکردن و شوێن پێ هەڵگرتنی کارەکانی ئەم و ئەو بووە و لەسەر کەتەلۆکی بەرنامە و کاری کەسانی دی، بەرنامەی خۆیان داڕشتووە.

* ئێمە شانازی بەوەوە دەکەین کە بە پێوەرێکی میزاجیانە و سیاسیانەی بەرتەسک کارەکانمان بەڕێوە نەبردووە، بگرە هەر کارێکمان کردبێ بە نەفەسێکی کوردانە و نەتەوەییانە، دوای وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە و لەسەر وەستان، لە خۆمان پرسیوە: ئەو نووسینە چەند دەتوانێ خزمەتی کولتوور و زمان و ئەدەبیاتی کوردی بکا؟ یان چەند زانیاری نوێ و خۆراکی ڕۆشنبیرییەکی سەردەمیانە بە خوێنەران دەگەیەنێ؟ واتە بێجگە لە پێوەری ڕەخنەیی و ئەدەبی و ئیستێتیکی، هیچ پێوەرێکی دیکەمان نەبووە بابەتەکانی پێ هەڵبسەنگێنین، مانای وایە یەک ستراتیژ و ئامانجمان هەبووە، کە ئەویش برەودان بە داهێنان و گەشەکردن و پێشخستنی ئەدەبیاتی کوردییە، بۆیە قەت کارمان بۆ ڕازیکردنی کەس نەکردووە، تەکتیک و پێچوپەنا لە مێشکماندا جێی نەبووەتەوە، سواری پشتی مۆدەی ڕۆژ و شەپۆلەکان نەبووین، گێچەڵ و تروتەشقەڵە و تەپۆزی ئەم لا و ئەو لای ناوەندی ئەدەبیمان بەناوی (ڕەخنە)وە نەهێناوەتە سەر لاپەڕەکانی گۆڤارەکەمان، لە بڵاوکردنەوەی بابەتەکاندا ڤیتۆمان لەسەر ناوی کەس نەبووە، ژمارەکانی (٢٨) ساڵی ڕابوردوومان گەواهی ئەوەمان بۆ دەدەن، کە پشتیوانیمان لە نووسینی چەند نەوەیەک کردووە.

* لە گۆڤاری (ڕامان)دا، هەر لە یەکەم ژمارەیەوە، بە قەدەر قەبارەی کەسەکان مامەڵەمان کردووە، نە فوومان بە کەسدا کردووە و بە ناهەق گەورەمان کردوون، نە بە دڵڕەشی تەماشای نووسین و داهێنانی کەسمان کردووە، لە قەبارە و باڵای کەڵەکەتیان بچووک بکەینەوە، کە ئەمە لە بنەڕەتەوە ئەو کارانە لەگەڵ گەورەیی داهێن و نووسەرە ڕاستەقینەکان نایەنەوە، هەروەک چۆن ئەو جۆرە کارانە لەگەڵ ئیتیکی پیشەییبوون زۆر دوورە، چونکە لە هەموو بارێکدا دەبێ ڕۆژنامەنووس و نووسەر پاڵپشتی لە داهێنان بکەن.

* ئێمە لەگەڵ دەرچوونی ژمارەیەکی نوێ، تەمەنی (٢٩) ساڵەی گۆڤاری (ڕامان)دا دەست پێ دەکەین، قەت پشتیوانی و متمانەی زۆری نووسەران و ڕووناکبیران و داهێنەکانی کورد لەبیرناکەین، کە لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ هێزێکی مەعنەویی گەورەن بۆ ئێمە و پڕۆژەکەمان، لە کاتێکدا سووڕ دەزانم لە وڵاتی ئێمەدا کاری (جیاواز) و (سەرنجڕاکێش) و (تایبەت) و (پشوودرێژ)، بەبێ باج نابێ، بۆیە لەوانەیە هەندێ جار نووزەیەک لەلایەن کەسێکی هاندراوەوە ببیستین، بەڵام ئەو نووزەیە لەلایەن دەنگە دلێرەکان و کەسانی خاوەن ئەزموون و هۆشیار و ڕووناکبیری گەورە و ڕەسەن، هەر زوو دەناسرێتەوە و دەزانرێ کە ئەوە نووزەی ئیرەیی پێ بردن و ناحەزییە.

* ئێمە بەردەوام لەگەڵ ڕووناکبیران و نووسەران لە دیالۆگێکی کراوەداین، ڕەخنە و پێشنیاری دڵسۆزانە وەردەگرین، پێمان وایە بوونی ئەو دیالۆگە کراوەیە بووەتە مایەی پێشکەوتن و سەرکەوتنی ڕامان و وای کردووە گەشەونەشە بکات و لەناو خەڵکیدا خۆشەویستتر بێ و پتر جێگەی خۆی بکاتەوە.